کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
11-11-2007 20:32بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گۆڕستانی ئاژەڵانی ماڵی لە ئێستاوە بۆ ناشتنی مرۆڤیش بەکاردێت ... وەرگێڕانی لە هۆڵەندیەوە: گەشاوە جاف

لۆك - مرۆڤەکان ئەتوانن لەلای ئاژەڵەکانیان بنازرێن لە سەر گۆڕستانی ئاژەڵانی ماڵی لە شاری لۆکی بەلجیکا " سەرقەبرانی ئاژەڵانی ماڵی ڕێگە ئەدەن بە مرۆڤەکان کە لە پاڵ خۆشەویستەکانیان کە ئاژەڵە ماڵیەکانیانە بنێژرێن" ئەمە لەلایەن سود پرێسەوە نووسرابوو.
ستیڤان و فابیان واڵتەر یەکەم کەسن کە ئەم کارە جێبەجێ دەکەن دوای سێ هەفتەی تر پاشماوەی منداڵەکەیان کە لە ٢٠٠٣ کۆچی دوای کردبوو ئەنێژن ئەوان ووتیان"کوڕەکەمان ئارام ئەبێت کە لە پاڵ پشیلە و مریشکەکەمان ئەنیژرێت" وە ئەم هەواڵە زۆربەی لە دانیشتوانی شاری لۆکی شادمان کرد بەتایبەتی ئەوانەی کە چەندەها ساڵە لەگەل ئاژەڵە ماڵیەکانیاندا دەژین وەك سەگ و پشیلە و زۆرێکی تر لە جۆری جیاواز، هەربۆ ئەم مەبەستەش زۆر لە خەلك پێیان وەها بوو کە کارێکی باشە کە بۆیان هەبێت لەپاڵ ئاژەلەکانین بنیژرێن جونکە هەیانە ماوەی زیاد لە شانزە ساڵ پێکەوە دەژین و وەك ئەندامی خێزان سەیر دەکرێت، لە گۆڕیشدا ئەیانەوێت پێکەوە نزیك بن ئەوی شایەنی باسە یەکیك لە دانیشتوانی ووڵاتی هۆڵەندا پێی باش بوو کە ووڵاتەکەی ڕێگە بدات بە بەکار هێنانی گۆڕستانی ئاژەڵان بۆ مرۆڤ جونکە ئەو ووتی من حەز ئەکەم لە پاڵ سەگە بە وەفاکەمدا بمنێژن نەك لە پاڵ پیاوە بێ وەفاکەی پێشووم هەندێکی تر پێیان وەهابوو کە مرۆڤ دوای ماوەیەك پێکەوە ژیان لەگەل ئاژەڵەکەی زۆر شتیان لەیەك دەکات بۆ یە زۆر بریارێکی بەجێ یە کە لە پاڵیاندا بۆ هەتا ئارام بنێژرێیت هەروها چەند کەسانێکیش پیان وابوو کە باشترە لە یەك گۆرستان نەنێژرێن بەڵام بەگشتی خەلکی ئەو شارە و ووڵاتانی دەرەوەش ئەم بریارەیان زۆر لا پەسەند بوو.

لەندەن / ٢٠٠٧
Gashawa@chra. tv

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.